# هەواڵ هەواڵ

## دوو دز لە کەلار دەستگیر دەکرێن

رۆژی ١٩-٤-٢٠٠٧ هێزەکانی پۆلیسی شاری کەلار توانیان دوو دوو دز لە ماڵەکانی خۆیاندا دەستگیر بکەن و کۆمەڵێک شتی دزراویش بدۆزنەوە.
زانیاریەکان جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە کە ئەو دزانە ئەندامی باندێکی سێ نەفەرین، دووانیان دەستگیرکراون و یەکێکی دیکەش بەهۆی ئەوەی شوێنی دانیشتنی دیار نیە هێشتا نەدۆزراوەتەوە. هەروەها بە پێی قسەی پۆلیس هەردوو دزە دەستگیرکراوەکە دانیان بەوەداناوە کە چەندین ماڵیان لە شارۆچکەی کەلار بڕیووە.

## خەڵک لەقەندیل پالاسی رانیە نیگەران دەبن

چەند ساڵ لەمەوبەر حکومەتی هەرێم پرۆژەی هۆتێل و ریستۆرانێکی هاوچەرخانەی بۆ دەڤەری رانیە دانا، کلکەی کۆڵین دەستنیشان کراو بە کۆمپانیایێکی تورکی سپێردرا ، خۆشبەختانە سەرەتای ئەمساڵ قەندیل پالاس کە زۆربەی خزمەتگوزاریەکانی تێدایە، تەواوبوو .
هەرچەندە لەمێژووی دەڤەرەکە ئەمە یەکەمین ئۆتێلی پێشکەوتووە، کەچی سەرباری ئەوەشەوە بەهۆی ئەوەی ئافرەتی تورکی و فلیپینی تێدا کار دکەن خەڵک لێی نیگەرانن .
خەڵکی دەڤەرەکە بەوە تۆمەتباریان دەکەن کە لە بواری لەشفرۆشیەوە دەکار دەکرێن، بەڵام بەرێوەبەری قەندیل پالاس ئەو تۆمەتە رەت دەکاتەوەو بەدرۆی دەخاتەوە.

## رێکخراوی ٥ی ئازار دادەمەزرێ

رۆژی ١٣/٤/ ٢٠٠٧ کۆمەڵێک رۆشنبیرو نوسەر و شاعیرو مامۆستایانی شاری رانیە لەکتێبخانەی گشتی کۆبوونەوەیەکی فراوانیان پێکهێنا. دوای ئالوگۆڕکردنی بیرورا بڕیاری دامەزراندنی رێکخراوی پێنجی ئازاریان دا، ئامانجی سەرەکی رێکخراوەکە داکۆکیکردن لە مافی دانیشتووانی دەڤەرەکەو دابینکردنی خزمەتگوزاریەکان و وەدیارخستنی گەندەڵیەکانە.
دانیشتووانی شاری رانیە شارەکەیان بە دەروازەی راپەڕین و سیمبولی بەرخۆدان دەزانن و گلەیی لە دەستەڵاتداران دەکەن کە فەرامۆش کراوەو وەکو پێویست ئاوڕی لێنەدراوەتەوە، بەوهۆیەشەوە رێکخراوی پێنجی ئازار دامەزراوە.

## بەنەخۆشی درم زۆربەی مەروماڵاتی دەڤەری ڕانیە دەمرن

رۆژانی ١٤ی١٥-٤-٢٠٠٧ بە تێکڕایی لە گوندەکانی ناوچەی دۆڵە رەقەو ناحیەی سەرکەپکان ٢٨٥ مەڕو بزنی گوندنشینانی دەڤەرەکە بەهۆی نەخۆشی درم مردن، بەوهۆیەوە مەترسی سەر تاسەری ناوچەکەی گرتۆتەوە.
خەڵکی گوندەکانی دۆڵە رەقەو ناحیەی سەرکەپکان بەڕێوەبەریتی دروستی ئاژەڵ بەکەمتەرخەم دەزانن، بۆیە داوا لە حکومەتی هەرێم دەکەن کە قەرەبوویان بکاتەوە.

## پێنج ڕاوچی دەستگیردەکرێن

رۆژی ٢٠٠٧/٤/١٧ پێنج راوچی خەڵکی سەروچاوەو حاجی ئاوا بۆ راوکردنی کەو دەچنە قەدپاڵی چیای ماکۆک و شەش کەو دەگرن ، کەچی هەمان رۆژ مەفرەزەیەکی پۆلیسی دارستان وەک ئەرکی خۆیان لەپاراستنی ژینگەو دارستان لەچیایەکە دستگیریان دەکەن و ڕادەستی پۆلیسی حاجی ئاوایان دەکات و کەوەکانیش ئازاد دەکەن.
ئەوەی شیاوی باسە راوچیانی دەڤەرەکە سەرپێچی زانیاری و یاساکانی راوکردن دەکەن و وەرزی زاوزێ لەبەرچاو ناگرن ، بەو هۆیەشەوە پۆلیس دارستان دەیانگرێ و رادەستی لایەنی پەیوەندیداریان دەکات .

## دوو پیاو خوشکە ژنەکانیان هەڵدەگرن

رۆژی ١١-٤-٢٠٠٧ وڵاتیەکی خەڵکی چوارقوڕنە بەناوی (ە.ع) خوشکێکی هاوسەرەکەی خۆی بەناوی (م.ل) هەڵدەگرێ، بەگوێرەی زانیاریەکان ماوەیەک پەیوەندی نهێنی لەنێوانیاندا هەبووە بەنهێنی . بەوهۆیەوە ناخۆشی لەنێوان هەردوو بنەماڵە سەری هەڵداوە، باوانی کچەکە هەڕەشەی کوشتن دەکەن و چورقورنەیان جێهێشتووە.
زانیاریەکان دووپات لەسەر ئەوە دەکەنەوە کەسێکی دیکە کە دانیشتووی شارۆچکەی خەلەکانە بەناوی (ب.خ) خوشکی خێزانەکەی خۆی هەڵگرتووە، ئەم دیاردەیە کاریەگری نەرێنی لەسەر دەروونی خەڵکی ناوچەکە داناوەو بە نیگەرانیەوە باسیان لێوە دەکەن .

## بەهۆی پشیلەیەکەوە فێرگەیەک دەسووتێ

رۆژی ١٥-٤-٢٠٠٧ لە فێرگەی ناوەندی هەڤاڵ لەچوارقورنە پشیلەیەک بە کارەبا دەمرێ، چەند رۆژ لەژێر کەرویتەکان دەمێنێتەوە و بۆنێکی ناخۆش بڵاودەکاتەوە ، ئینجا ژوورەکە دەپشکنن و پشیلە مردووەکە دەدۆزنەوە و فرێی دەدەن، بۆ سڕینەوەی شوێنەواری و نەهێشتنی بۆنەکە بە تایت و دیتۆل ژوورەکە دەشۆن، کەچی بۆنەکەی نابڕێ، بۆیە بیر لەوە دەکەنەوە نەوت بە شوێنەکە دابکەن و گڕی تێبەر بدەن.
بۆ نەهێشتینی بۆنی پشیلە گەنیوەکە ئاگر دەکەنەوە کەچی ئاگرەکە پەرە دەسێنێ و هەموو کتێب و بەڵگەنامەو کەلوپەلەکان دەسووتێن، بەوهۆیەوە سێ رۆژ دەرگەی فێرگەکە دادەخرێ .

## دوو وڵاتی دەسوتێن

رۆژی ١٤-٤-٢٠٠٧ منداڵێکی تەمەن دوو ساڵ بەناوی (ر. مزەفەر) قۆری ئاوی گەرمی بەسەردا دەڕژێ و بەسەختی دەسوتێ، دوای مانەوەی دوو رۆژ لە نەخۆشخانە گیان لەدەست دەدات.
ئەوەی شیاوی باسە رۆژی ١٢-٤-٢٠٠٧ لەناحیەی حاجیاوا ئافرەتێکی تەمەن ٢٩ ساڵ بەناوی (ن. عەلی) بەهۆی تەقینی پەرەمێز سووتابوو کە گیانی لەمەترسیدایە.

## سیمین چایچی بە سەرۆکی پێنی کوردی هەڵدەبژێردرێ

بەگوێرەی راگەیاندنی دکتۆر زۆراب ئالۆیان سکرتێری پێنی کوردی ئیدی خاتوو سیمین چایچی وەک سەرۆکی کۆمیتەی ژنانی پێنی کوردی هەڵبژێردراوە.
بەگوێرەی زانیاریەکان رۆژی ٢٥-٣-٢٠٠٧ لە کۆبوونەوەی ئاسایی کۆمیتەی بەڕێوەبەری پێنی کوردی و لەسەر پێشنیاری خاتوو بێریڤان دۆسکی سەرۆکی پێشووی ئەو رێکخراوەیە خاتوو سیمین چایچی بە سەرۆکی کۆمیتەی ژنانی پێنی کوردی هەڵبژێردراوە.
خاتوو سیمین چایچی بڕیاری داوە لە ماوەیەکی کورتدا پێوەندی لەگەڵ کۆمیتەی ژنانی پێنی نێوەدەڵەتیدا دروست بکات و سەبارەت بە نووسەرە ژنانەکانی کوردستان زانیاری زیاتریان پێبدات .
ئەوەی شیاوی باسە پێنی کوردی وەکو سەندیکای نووسەرانی کوردستان لە هەندەران ناسراوەو بارەگای لە وڵاتی ئەڵمانیا دایەو دکتۆر زەدەشت حاجۆ سەرۆکی گشتی پێنی کوردیە.

## ئەمڕۆ شەش رۆژنامەنووس خانەنشین دەکرێن

هەواڵەکان لەزاری رێزدار فەلەکەدین کاکەیی وەزیری رۆشنبیری حکومەتی هەرێمی کوردستان بڵاویان کردۆتەوە کە بڕیار وایە رۆژی یەکشەممە رێکەوتی ٢٢-٤-٢٠٠٧ لە سەدونۆیەمین ساڵیادی دەرچوونی یەکەمین رۆژنامە بە زمانی کوردی ، شەش رۆژنامەنووسی بەتەمەن خانەنشین دەکرێن.
رۆژی ١٩-٤-٢٠٠٧ وەزیری رۆشنبیری لە کۆنفرانسێکی رۆژنامەوانیدا ئاماژەی بە خانەنشینکردنی شەش رۆژنامەوان کردبوو، بەڵام ناوی ئەو شەش کەسەی نەهێنابوو.
ئەوەی شیاوی باسە خانەنشین کردنی رۆژنامەنوس نەریتێکی باو نیە، چونکە رۆژنامەوان تا مردن دەتوانێ درێژە بە کاری رۆژنامەوان بدات ، بۆیە باشتر وابوو مەراسیمی رێزلێنانیان بۆ پێکبهاتبایەو دیاریان پێ بدرابوایە .

## بەهۆی مردنی منداڵێک گرفت بۆ شۆفێرێک دروست دەبێ

کاتژمێر ١٨ی رۆژی ٢٠-٤-٢٠٠٧ لە سەیرانگەی قوشقوڵی دوکان منداڵێک دەست لە شۆفێری پاسێک بەرز دەکاتەوە، ئەویش بۆی رادەگرێ و هەڵیدەگرێ، بەڵام منداڵەکە لەنێو پاسەکەدا دەمرێ، بەمەش شۆفێرەکە لەلایەن پۆلیسەوەدەستگیر دەکرێ .
زانیاریەکان جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە کە لاوێکی چواردە ساڵان لە سەیرانگەی قوشقوڵی دەست لە پاسێک بەرز دەکاتەوە، کاتێ سەردەکەوێ هەست دەکەن باری لەش ساغی تەواو نیە، بۆیە بەرەو نەخۆشخانەی دوکانی دەبەن، بەڵام لە رێگەدا دەمرێ و گیان لەدەست دەدات، پۆلیس بێ ئەوەی وتەی شۆفێرو سەرنشینەکان وەربگرێ هەرموویان دەستگیر دەکات.
بەمەبەستی لێکۆڵینەوە تەرمی مردووەکە رەوانەی نەخۆشخانەی دادوەری سلێمانی دەکرێ. بەهۆی ئەوەی هیچ شوێنەواری برین و لێدان لەسەر جەستەی دان ەبوو، پشکنینی زیاتری بۆ دەکرێ و دەردەکەوێ پێشتر نەخۆشی دڵی هەبوو، بەهۆی زۆر خواردنەوە گیانی لە دەست داوە.



## هەواڵی سەرنجڕاکێشی جیهانی



## لە پاداشتی هاوکاریکردن دەستی دەخوات !



لە باشووری تایوان تیمساحێک نەخۆش دەکەوێ ، ئاژەڵپارێزان داوا لە پزیشک دەکەن بچی بیپشکنێ و دەرمانی بکات ، پزیشکەکە بەمەبەستی هاوکاریکردن لە تیمساحەکە نزیک کەوتەوە ، بەڵام ئەو پەلاماریداو بەددانەکانی دەستی گرت ، هێندە هەوڵیاندا تیمساحەکە ئامادەنەبوو دەستەکەی بەر بدات ، دواتر پۆلیس گەیشتن و تەقەیان لێکرد ، ئەوسا پاش ئەوەی دەستی دکتۆرەکەی قرتاندبوو ، بەریدا ، بەوهۆیەوە پزیشکەکە و دەستە قرتاوەکەیان گەیاندە نەخۆشخانە ، حەوت کاتژمێر لەژێر نەشتەرگەریدا مایەوە ، دکتۆرەکان پێیانوایە دوای چەند مانگێکی دەوێت تا پزیشکەکە چاک دەبێتەوە.
ئەوەی شیاوی باسە تیمساحەکە بەبێ ئەوەی هیچ ئازار و زیانی پێبکەوێ لە شوێنەکە دوور کەوتەوە !!

## پێنج هەزار کەروێشک ئازاد دەبن

**رۆیتەرز** : رۆژی ١٦-٤-٢٠٠٧ رێگەی گشتی نێوان بۆداپێست – ڤێننا بەهۆی هەڵاتنی پێنج هەزار کەروێشکەوە بۆ ماوەی چەند کاتژمێرک داخرا ،
سەرلەبەیانی رۆژی دووشەممە ١٦-٤-٢٠٠٧ ترێلەیەکی بارهەڵگر لەسەر رێگەی گشتی نێوان هەنگاریا و نەمسا کە پێتەختی هەردوو وڵات بەیەکەوە دەبەستێتەوە وەرگەڕا ، ترێلەکە هەزاران کەروێشکی بارکردبوو، بەهۆی وەرگەڕانی ترێلەکەوە دەرفەت بۆ کەروێشکەکان هەڵدەکەوێ تا رابکەن ، لە ئاکامدا زیاتر لە پێنج هەزار کەروێشک ئازاد دەبن و هەڵدێن ، بەوهۆیەشەوە رێگەکە دادەخرێ .
پەیامنێران بە خێرایی خۆیان گەیاندە شوێنی رووداوەکە و بینیان بە هەزاران کەروێشک سەرگەردان رادەکەن و دەیانەوێ خۆیان بشارنەوە ، بەڵام بەهۆی نەدۆزینەوەی گژوگیا و پەناگەی باش ئازادی تەواویان وەگیر نەکەوتبوو ، گومانی ئەوە دەکرا بە ئاسانی لەداو بکەون و بگیرێنەوە .

## مانگای ئەرجەنتینی ئەنسۆلین بەرهەم دێنن

**میدل ئیست ئۆنلاین:** کۆمپانیای بیۆسیدۆس کە لەبواری تەکنەلۆژیای بژێوی کار دەکات لە ئەرجەنتین توانی چوار گوێرەکەی بۆماوە هەموارکراو بەرهەم ببهێنێ کە لە شیرەکانیاندا ئەنسۆلین بەرهەم دێنن .
لە رێگەی زانستی و بەهۆی بۆماوەوە وا رەخساوە کە ئەنسۆلین بەرهەم بهێنرێ، ئەگەچی لە ئاستی پێویست دا نیە ، بەڵام بەهۆی ئەوەی نەخۆشی شەکرە بە رێژەیەکی زۆر لە ئەرجەنتین هەیە ، سەرچاوەی پزیشکی ژمارەی ئەو نەخۆشانە بە پێنج ملیۆن و سەد هەزار مرۆڤ دەخەمڵێنێ کە سێ سەد هەزار لەوان پێویستیان بە ئەنسۆلین هەیە ،
کۆمپانیاکە هیوادارە لە ماوەی سێ ساڵی داهاتوودا بتوانێ گای ئەوتۆ دروست بکات کە بۆخۆی لە نەوەکانی داهاتوویدا ئەنسۆلین بەرهەم بهێنن .
ئەوەی شیاوی باسە پێشتر یەکێتی ئەوروپا بڕیاری لەسەر ئەوەدابوو کە ئەنسۆلین لە شیری بزن بەرهەم بهێنرێ ، بەڵام ئەمە یەکەمین جارە کە ئەنسۆلین لە شیری مانگا بەرهەم بهێنرێ .

## شۆفێرێک دەستدرێژی لە ژنێک دەکات

هەواڵەکان: رۆژی ١٠-٤-٢٠٠٧ ئافرەتێکی تەمەن ٤٩ ساڵ بەناوی (س.ق) دانیشتووی دەڤەری سۆران لەپرسەی خزمێکی خۆی لە هەولێر ، بەمەستی گەڕانەوەی بۆ سۆران دەچێتە گەراجی هەولێر – سۆران، لەپشت گەراجەکە شۆفێرێک بانگی دەکات کە لەگەڵ خۆی بیبات و نرخێکی هەرزانی لێوەربگرێ، بەڵام بەداخەوە دواتر مرخی خۆی لێخۆش دەکات و دەسدرێژی دەکاتە سەر.
بە قسەی ژنەکە ئەوان سێ نەفەر بوون، دووەکەی دیکە لە بەستۆرە دادەبەزن، تەنیا شۆفێرەکە و ژنەکە دەمێننەوە، ئیدی شۆفێرەکە پلان دادەڕێژێ و لەنێوان شەقڵاوە و هەریر دەیەوێ بە قسەی خۆش فریوی بدات، بەڵام ژنەکە ڕازی نابێت ،دوایی هەڕەشەی لێدەکات و بەزۆر دەیباتە دەشتی هەریر و لەوێ دەستدرێژی دەکاتە سەر، پاشان هەر لەو شوێنە جێی دەهێڵێ.
ژنەکە هانا بۆ چەند جوتیارێکی ناوچەکە دەبات ، ئەوانیش هاوکاری دەکەن و لە بنکەی پۆلیس هەریر سکاڵا لەدژی تاوانبارەکە تۆمار دەکات. دواتر شۆفێرەکە لەلایەن پۆلیسەوە دەستگیر دەکرێ .
جێگەی باسە کەسوکاری تۆمەتبارەکە دانیشتووی ئۆردوگای پیرزین و داوای ئاشتبوونەوەو ئازادکردنی کوڕەکەیان دەکەن، بەڵام لایەنی بەرانبەر مەرجی رێکەوتن و ئاشتبوونەوە بە ڕادەستکردنی تۆمەتبارەکەی دەبەستنەوە.

## هەواڵی سەیر

* بەرپرسی یەکەمی فەرمانگەیەکی گرنگی چەمچاڵ لەم ماوەیەدا پارچەیەک زەوی بۆ خزمێکی وەردەگرێ و بۆشی تاپۆ دەکات. ناوبراو کارگوزارەو نزیکەی سێ ساڵ خزمەتی هەیە، بەگوێرەی قسەی کەسێکی نزیکی خۆی زەویەکە لە شوێنێکی باشە و نزیکەی دوو دەفتەری دۆلار دەکات. ئەمە لە کاتێکدایە کە زیاتر لە دوو هەزار ناو بۆ زەوی هەڵواسراون و نزیکەی ٣٠٠ خێزانی ئەنفالیش ناویان دەرچووە و بە بیانۆی راوەستانی دابەشکردن پێیان نادرێ، ئەی باشە ئەم برادەرە چۆنی وەرگرت و چۆن بۆی تاپۆ کرا ؟!

*لەبەرواری ١٧-٤-٢٠٠٧ بەرێوبەرێتی پەروەردەی چەمچەماڵ بەنوسراوی ژمارە ١٨٣٧ سەرجەم خوێندگاو قوتابخانەکانی ئاگادارکردۆتەوە کەرۆژانی ٢٥-٢٠٠٧/٣/٢٦ ڤیستڤاڵی ساڵانەی هونەرییە، ئەوەی سەیرە لەم نوسراوەدا بەرێوبەرێتی پەروەردە رەنگە نەی خوێندبێتەوەو ئیمزاشی کردبێ ئەگینا چۆن دەبێ لە مانگی نیساندا دەگوترێ مانگی ئازار ڤستیڤاڵ دەکەین!! دەبێ چەند نووسراوی دیکە بێ خوێندنەوە بەم شێوەیە ئیمزاکرابێ؟!

* دوای ئەوەی دەنگۆی ئەوە بڵاوبوەوە کەهەندێ قاچاغچی بە پارە عەرەب لە رێگای دوزەوە بەرەو قادر کەرەم و کەرکوک دێنن، هێزەکانی پۆلیس و ئاسایش کەوتنە پشکنین و بۆسە دانان لەناوچەکە، بەڵام هیچیان دەست نەکەوتبوو، هەتا لە رۆژی ١٣-٤-٢٠٠٧ دوو راوچی بەناوی (ک.م) و (س.م) لەناحیەی لەیلان دەگرن و راپێچی زیندانیان دەکەن. دوای زیندانیکردن و لێکۆڵینەوە ئەوسا گەیشتنە ئەو بڕوایەی کە ڕاوچین، هەروەها نرخی کەو و سوێسکەکان لەو نرخەی کە بۆ هێنانی عەرەبەکان وەری دەگرن ، گرانترە.

* هاوڵاتی (م.س) کەخۆی بەموسڵمانیکی سەلەفی دەزانێ . هەفتەی رابردوو لەگەڵ چەند هاورێیەکی بەمەبستی سەیران دەچنە گوندەکەی خۆیان (گوندی ع) لەنێوان چەمچەماڵ و کەرکوک، ئێوارە کاتێ دەگەرێنەوە هەندێ بەنزین و نەوت دەرژێنێ و ئاگرری تێبەردەدا. بەوهۆیەوە دوو خێزان بەرانگژی یەکتر دەبنەوە، تەقە لەیەکتر دەکەن و یەکتر بریندار دەکەن

* سێ ساڵ لەمەوبەر وڵاتی (م.ع) ئۆتۆمبیلێکی پیکاب تویتای مۆدیل ١٩٨٠ی لەبەردەم مزگەوتی ئیخوان لەکەرکوک لەکاتی نوێژکردنیدا لێدزرا ، بەڵام لە رۆژانی رابردوو پیاوێک دێتەلای و سەبارەت بە پیکابەکەی پرسیاری لێدەکات ،ئەمیش دەڵی بۆچی پرسیار دەکەی، ئەو دەڵی من ئۆتۆمبیلەکەم کڕیووە و سەنەوییەکەی بەناوی تۆوەیە بەڵکو بۆم بگۆڕی. ئەویش لایەنە پەیوەندارەکان لەو مەسەلەیە ئاگادار دەدکاتەوە، دوای لێکۆڵینەوە دەردەکەوێ کە ناسیاوێکی خۆی سەیارەکەی دزیوە. بەو هۆیەوە کابرا پیکابەکەی وەردەگرێتەوە، ئەوانی دیکەش رەوانەی دادگە و لێپرسینەوە دەکرێن.